ژمارە (8) 2007/4 / 8 بڵاوکراوەیەکی گشتی ئازادە دوو هەفتە جارێك لە خورماتوو دەردەچێت www.kurdistannet.info/goran

زیاتر لە (4) ملیۆن کەس لە ساڵێکدا بەهۆی جگەرە کێشانەوە دەمرن

ڕاپۆرتەکانیان ئەوە دەردەخەن کە کێشانی (10) جگەرە لە ڕۆژێکدا بەبەردەوامی لەماوەی (15) ساڵدا کەسی جگەرە کێش تووشی شێرپەنجە دەبێت، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ڕۆژانە (20) جگەرە لەلایەن کەسێکەوە بکێشرێت لەماوەی (10) ساڵدا تووشی شێرپەنجە دەبێت . هاوکات بەپێی ڕووپێوەکان لە ئێراقدا ڕێژەی جگەرە کێشان (22٪)ە، بەو واتایە لە ئێراقدا ساڵانە نزیکەی (1) ملیار پاکەت جگەرە دەکێشرێت. هەروەها پزیشکەکانی نەخۆشییە درێژخایەنەکان ئەوە دەردەخەن بەهۆی جگەرە کێشانەوە تووشی جەندین نەخۆشی دەبینەوە لەسەرەتادا تووشی شێرپەنجە دەبنەوە پاشان خوێنمان ڕێژەیەکی پیس دەبێت، ئەمەش بەهۆی لاوازبوونی خڕۆکە سپییەکان لەخوێندا .بۆ ئەمەش هەندێك لە جگەرەکێشان ترسناکییەکە دەردەخەن کە هەندێکیان تووشی (حەساسیە)ی گەروو بوونە، بۆیە وازیان لەجگەرەکێشان هێناوە، هەروەها یەکێکی دیکە دەڵێت: زۆر بەزەحمەت دەتوانم واز لەجگەرەکێشان، بێنم لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك هەن باس لەوە دەکەن کە سەرەتا چاودێرییەکی زۆر کراون لەلایەندا یك و باوکیان بۆیە هەرگیز دەستیان لەجگەرە نەداوە .دەبێت ئاماژەش بەوە بکەین، پەیماننامەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی یەکەم ڕێککەوتنی نێو دەوڵەتییە بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی کە خاڵەکانی ئاماژە بەوە دەکەن نابێت بەهیچ شێوەیەك توتن و ڕووەکەکانی دیکە بچێندرێت کە دەبنە هۆیەك بۆ جگەرەکێشان، ئەگەر وڵاتان هەموو خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە پەیرەو بکەن، ئەوا ڕێژەی مردن زۆر کەمتر دەبێتەوە، بۆیە دەبێت لە کۆنگرەو کۆرو کۆبوونەوە ناوخۆییەکان جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە، تاوەکو پرۆگرامێك دابندرێت بۆ چاندن و فرۆشتنی توتن .جگە لەمەش دەبێ خەڵك هۆشیار بکرێتەوە لەو ترسناکییەی جگە بەخۆی دەگات، هاوکات دەبێ ئاگاداری دەوروبەریش بێت، چونکە بەو دوکەڵە لەوانەیە بەرامبەر و دەوروبەر تووشی چەندین حاڵەتی نەخۆشییەکانی هەناسە بن، ئەم خاڵەش لەنێوەندی ئامۆژگارییەکان و ڕێنماییەکان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبێ بخرێتە ڕوو.

خواردنی میوەی جۆراوجۆر پارێزگاری لەتووشبوون بەشێر پەنچەی کۆڵۆن دەکات

لە نوێترین توێژینەوەی زانستی ئەمریکییەکان بۆیان دەرکەوتووە کە خواردنی میوەی جۆراوجۆر پارێزگاریەکی باش لە تووش بوون بەنەخۆشی شێرپەنجەی کۆڵۆن دەکات، زاناکان ئەم لیکۆڵینەوەیان لە زانکۆی (نورس کارۆلینا) ئەنجام داوە ، لە لیکۆڵینەوەکەدا کە لە سەر 800 نەخۆش ئەنجامدراوە دەرکەوتووە٪70 ئەوانەی کە توشی شێرپەنجەی کۆڵۆن بوون گۆشت خۆر بوون.

واتا زیاتر لە ژەمەکانی خواردنداد گۆشت دەخۆن، بۆشیان دەرکەوتووە ئەوانەی کە بەردەوام میوە خۆرن و میوەی جۆراوجۆر دەخۆن کێشەی کۆڵۆنیان نییە، ئەم لێکۆڵینەوەیەش بە هۆی ئامیری وردی بینینی کۆلون ئەنجامدراوە .

هەر لە زانکۆکەشدا چەند لیکۆڵینەوەی تریش هەیە کە دەرکەوتووە خواردنی گۆشت یارمەتی دەرێکی نزیکی تووش بون بە شێرپەنجەی کۆڵۆنە بۆیە زانا ئەمریکیەکان هۆشداری دەدەنە خەڵك بۆ ئەوەی زیاتر میوە بخۆن تاوەکو کۆڵۆنیان توشی گرفت نەبێت، شیاوی باسە ئەمریکیەکان بۆ کەم کردنەوەی ڕادەی زۆر گۆشت خۆری لە ڕێگای ریکلام و لە ریگای پەرەوەردەوە هۆشداری بە ناو خەڵکی خۆیاندا بڵاو دەکەنەتەوە

زاخاوی مێشك

سەردەمی کۆن، لە گوندێکی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردوستان، جێی پێی وشتریان دیون لە خۆڵدا، هێچ کەسێ نەیزانیوە ئەوە چییە. کابرایەکی پیر کە بە ئاقڵی نێو بانگی دەرکردبوو هێنایان تا ئەو شتە سەیریان بۆ شی کاتەوە. ئەویش ئەڵێ: من تا کەی ئەراتان بژێم؟ تا کەی من ئەرای ئێوە بمینیم؟ ئەمە کلکی خوکی پیرە لەبەر پیری فرێی داگە!!!

****

دەگێڕنەوە:

کابرایەك زۆر شۆخی بە خەڵك دەکرد و بە مەندێك ئەبینێتەوە. ئەولا ئەولای پێ دەکا، کەس نازانێ ئەوە چییە. دەیبەن بۆ لای ئەو پیرەمێردە. ئەویش ئەڵێ:

من تا کەی ئەراتان بژێم؟ تا کەی من ئەرای ئیوە بمینیم؟ ئەمە کلکی خوکی پیرە لەبەر پیری فرێی داگە!!!

دەگێڕنەوە:

کابرایەك زۆر شۆخی بە خەڵك دەکرد و بە تایبەت ئەوانەی لە لادێ هاتبانایە، بێ شك وەبەر تانە و توانجی دەکەوتن. ڕۆژێك یەکێ لادێی بە کەرەوە دێتە ناو شار. کابرا دەیبینێ و دەڵێ:"وادیارە کەرەکەت ناسازە. کابرای لادێیش دەیناسێ و دەزانێ وەڵامێکی باشی نەداتەوە، وەك خۆی لێ نایەتەوە، دەڵێ:"ناحەقی نییە، تۆش بە جێی ئەو کەرە بی، ئەوسارت لە مل بێ، خواردنی باشت نەدەنێ و بە شەو و بە ڕۆژ هەر سوارت بن، حاڵت لەوە باشتر نابی"!!

قوتابیەك

کەریم ئەخرەسین

مامۆستا ووتی ها بگرە پێنووس
هەرچی ئەزانی فەرموو دەی بینووس
وتم مامۆستا ئاڵای کوردستان
بەرهەمی ڕەنج و خوێنی شەهیدان
بەڕەنگی سور و سەوز و سپی و زەرد
ئەی ڕازێنمەوە هی کوردی نەبەرد
لەسەر هەر لووتکە و بەرزی شاخەکان
بشەکێتەوە تاماوە ژیان

کاتژمێر

گۆشەیەکی ڕۆشنبیری گشتی ئازادە

لەپێناو دەرخستنی ڕاستییەکان،

ئامادەین تا دوا هەناسە بەرخۆدان بکەین

عەبدوڵڵا ئەحمەد گەرمکی

ئاشکرایە هەر مرۆڤێك گەر بیەوێت گۆڕانێك لەجڤاکەکەیدا ئەنجام بدات. ڕووبەڕووی زۆر زەحمەتی جۆراوجۆر دەبێتەوە، بەتایبەت ئەمەش بوەتە شتێکی باو لەرۆژهەڵاتی ناوڕاست بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، بەڵام بۆ هەر دژایەتیەکیش دەبێت هەر خۆت ببیتە سەنگی مەحەك و بەرگری لەخۆت بکەیت، گەر وانەبوو ئەوا هیچ شتێکت پێ ناکرێ و لەوانەیە تووشی شکستیش بیت، لێردەدا هەر کارێك کە من مەبەستم بێت. مرۆڤێك یان کۆمەڵە مرۆڤێك بیەوێت بیکات، دێوزمەکان ڕێگەی پێنادەن، یانیش گەر ڕێگەیان دا بەقسەی لابەلا دژایەتی دەکەن. لێ گرنگ ئەوەیە کۆل نەدەن.

ئێمەش لەپێناو ئەو خەباتەی کە خۆمان هەڵمانبژاردوە، تا دوا هەناسە کۆڵ نادەیەن، سەرەڕای ئەو هەموو دژایەتیکردنە، "بانگەشەی گۆڕان" هەرچەندە تەمەنی کورتە، لێ توانیویەتی جێی خۆی بگرێت، لەبواری ڕۆژنامەوانیدا، بەتایبەت لەگەرمیان و ئەوانەی کە لەئەوروپاشن کۆمەڵێ نووسەری بەڕێز دەیبینن لەسەر سایتی ئەنتەرنێت، ئەوان دەبێت زیاتر هەڵسەنگاندنیان هەبێت دەربارەی بڵاوکراوەکە، بەلایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانییەوە.

ئەوانەی کە دژایەتیمان دەکەن، لە لایەن هەندێ نامسۆل و کەسانی نابەرپرس لەملاوئەولا قسەی هیچ و لابەلا دەکەن. بابڕۆن کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، ئەوجا قسەی لابەلا بکەن. ئەوانە نەك هەر دژی بواری ڕۆژنامەوانیین، بەڵکە دژی کتێب و هەموو کارێکی ڕۆشنبیرین لەشارەکەماندا، دووبارەی دەکەمەوە و باباش بزانن ئێمە وەکو بڵاوکراوەی "بانگەشەی گۆڕان" هەروەکو چۆن توانیمان لەشارەکەدا ببین بەیەکەمین بڵاوکراوەی ئازاد و ئەهلی سەربەخۆ، هەر ئاواش لەسەر سەربەخۆی و ئەهلی خۆمان بەردەوام دەبین و نەك هەر بەڵێنی بەردەوامیش دەدەین، بەڵکو پرۆژەی گەورەتر بەدەستمانەوەیە، بۆ زیاتر خزمەتکردن نەك بەو کەسانەی کە فکرەیان جام و گرتییە، بەڵکو بەقەڵەمە نوێ و جورئەتەکان پەیمان دووپات دەکەینەوە لەپێناو بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانیان ئامادەین، خۆمان بەفەتارادا بدەین، هەروەها دەڵێم لەپێناو دەرخستنی ڕاستیەکاندا ئامادەین، تا دوا هەناسە بەرخۆدان بکەین.

خاوەنی ئیمتیاز

عەلی شامیل نانەوا

ژمارەی مۆبایل: (07703712941)

سەرنووسەر

عەبدوڵڵا ئەحمەد گەرمکی

ژمارەی مۆبایل: (07701256819)

ئیمێل: abdulagermiki@yahoo.com

دەستەی نووسەران

شکور جەلال سابیر

جەلال جاف

نیهاد خۆرشید جومعە

تایپ و نەخشەساز: محەمەد ئەحمەد

"بانگەشەی گۆڕان" تەنها لە نیگا بەپرسیارە